# کوژرانی ئەلکساندر ئەیاس
# و
# کوشتاری خەڵکی سابڵاغ بە دەستی سپای ڕووس

عەبدوڵڵا سەمەدی



جان چالنکۆ، لە وتارەکەی خۆیدا بە ناوی (ئەلکساندر ئەیاس و ویلادیمیر مینۆرسکی لە کوردستانی ئێران 14-1912 )[1]، باسی هەندێ وێنە و بەڵگەنامەی مێژوویی دەکا کە کاتی خۆی لە لایەن «ئەیاس» کونسولی ڕووس لە سابڵاغ کۆ کراونەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی هێلسینکی ئاگاداری دەکرێن. هەروەها باسی ئەوە دەکا کە چونکە کوردەکان چەشنە هاوپەیمانییەکیان لەگەڵ تورکانی عوسمانی هەبوو، ڕووس لە ساڵی 1912 بە نیازی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکاندا و بەرگری کردن لەو هاوپەیمانییە، کوونسولگەریی خۆی لە سابڵاغ کردەوە. ئەیاسیش سەبارەت بەوەی کە زانیاری و ئاگادارییەکی باشی لەسەر کوردان هەبوو، و هەروەها زمانی کوردی دەزانی و بەینیشی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان خۆش بوو، بووبە یەکەم کونسوولی ڕووس لە سابڵاغ. وتارەکەی خۆیشی بەوە دادەکووژێنێ کە ئەیاس لە 1914 لە سابڵاغ بە دنەی عوسمانییەکان کوژرا و سەریان بڕی.

وتارەکەی چالنکۆ بە بێ باسکردنی کارەساتە دڵتەزێنەکانی دوای ئەو ڕووداوە، ناتەواو دەنوێنێ و پێویست بوو هەرچەند بە کورتیش بوایە باسێك لە قەتڵوعام و کوشتارەکەی خەڵکی سابڵاغی بکردایە کە سپای ڕووس بە نیازی بنەبڕکردنی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە ئەنجامیان دا و لە توێڵەی تاکە کەسێك، کە ئەویش پیلان و دەستی تورکانی عوسمانی بە ئاشکرا تێدا دیاربوو، بەینی پێنج تا حەوت هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی، لە ناو ماڵ و کۆڵانەکانی شاردا، بە بێ دەستکردنەوە و هیچ چەشنە بەربەرەکانییەك، کوژران. واتە ئامارێکی بەرامبەری هەڵبچە بە مەودای 71 ساڵ پێشتر، بەڵام بەو جیاوازییەی کە نە لە کاتی کوشتارەکە و نە پاش کوشتارەکە دەنگ لە هیچ شوێن و لایەنێکەوە دەرنەهات و دانیشتوانی شارێك بەبێ ئەوەی لە شەڕدا بن یا چەکیان بە دەستەوە بێ، لە نەکاو لە لایەن ئەرتەشێکی گەورە و بەهێزەوە بە نیازی بنەبڕ کردن کەوتنە بەر شاڵاو و تەنانەت لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزیی خۆشیانەوە نە پشتیوانییەکیان دی، نە نارەزایەتییەك لە ڕوانگەی دیپلۆماسییەوە بەرامبەر ڕووسیە دەربڕا.

کتێبە مێژووییەکان، هەندێکیان نەبێ، ئەویش بە ئاماژەیەکی زۆر کورت، باسێکی شیاوی ئەو کارەساتەیان تۆمار نەکردووە. سەرچاوەکانی ئێمە لەم بارەیەوە، بیرەوەریی بەساڵاچوانی ناوچەکە و هەندێ یادداشتی باسەوادانی ئەو سەردەم لە پشت بەرگی کتێبەکاندا و ئەو ئاماژە کورتانەی نووسەرانی بیانییە و بەس. بازیل نیکیتین لە کتێبی «ایرانی کە من شناختەام »دا، دەڵێ:

**تورکان دژ بە ڕووسەکان (جیهاد)یان ڕاگەیاندبوو. فتوای جیهادیش بە هۆی شێخان و دەست و پێوەندەکانیان لە ماوەیەکی کورتدا لە کوردستان بڵاو بوویەوە. تەنیا یەکێك لە شێخەکان بە ناوی « شێخ بابا » کە لە دەڤەری مەهاباد دەژیا و کوردەکان ڕێزیان لێدەگرت، لەگەڵ ئەو فتوایە دژایەتیی کرد و ڕایگەیاند کە شەڕی تورك و ڕووس پێوەندی بە یاساکانی ئیسلامەوە نییە و خۆتێهەڵقوتانی کوردان کاردانەوەیەکی خراپی دەبێ. پێوەندیی تورك و کوردیش لە بنەڕەتا بناغەیەکی پتەوی هەر نەبوو. ڕووناکبیرانی کوردیش هیچ بڕوایەکیان بەم پێوەندییانە نەبوو و دەیانزانی تورك بە مەسڵەحەتی خۆی دەجووڵێتەوە و لە کاتی پێویستیشدا کوردەکان دەکاتە قوربانی؛ بەڵام تاقمێك لە ڕێبەرانی ئایینی کورد، کە ئاگاداری جموجۆڵە سیاسییەکان نەبوون، ڕووداوەکانیان تەنیا لە ڕوانگەی دینییەوە سەیر دەکرد.**

1. بڕوانە: گۆڤاری مەهاباد، ژمارە 69، ساڵی شەشەم، سەرماوەزی 1385، ل 9 – 6.

**لە پایزی 1915 دا سەفەرێکی سابلاغم کرد تا هەندێ زانیاری سەبارەت بە دەنگۆی کۆبوونەوەکانی کوردان و تورکانی عوسمانی وەدەست بێنم. نیازی خۆم ئاشکرا نەکرد و بە ڕواڵەت وام نیشان دا کە بۆ لێکۆڵینەوەی چۆنیەتیی کوژرانی کۆلۆنێل یاس Yass هاتووم. کۆلۆنێل پیاوێکی لێهاتوو بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا توانیبووی سەرنجی کوردەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بە دەسەڵاتەوە لە ناویاندا بژی. لە دوایییەکانی ساڵی 1914 کۆلۆنێل لە سابلاغەوە بەرەو میاندواو ڕۆیی تا لە نزیکەوە سەیری ڕووداوەکانی ئەوێ بکا. لەم سەروبەندەدا بوو کە کۆلۆنێل یاس کوژرا. بکوژی کۆلۆنێل بەوەش نەوێستا و سەری بڕی و هێنایە سابلاغ و لەبەر دەرکی ماڵی یەکێك لە عولەماکانی ئەو شارە، بە ناوی قازی فەتاح بە نمایش داینا. خەڵك بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەم جەنایەتە کرد و لە ناو تەماشاچییەکانیشدا (متصرف)ێکی تورك هەبووە کە لە هەموان پتر خۆشحاڵی نواندووە. پاشی ئەم نمایشە، سەرەکەیان داوەتە دەست منداڵانی کورد و ئەوانیش خوا دەزانێ لە کوێیان فڕێ داوە. جەستە بێسەرەکەشیان لە نزیك چۆمی میاندواو ناشتووە و وەك بیستم لافاوی بەهاری قەبرەکەی هەڵتەکاندووە و لاشەکەی بردووە. ماوەیەك دوای ئەم ڕووداوە، ژێنراڵ ریبال چینکۆ بە تۆڵە، ماڵی قازی فەتاحی سووتاندووە و خاکەڕۆی کردووە. من زۆرم پێخۆش بوو بتوانم پێوەندی بە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد بکەم و بە ڕێنوێنی پێویست واداریان بکەم ئاقڵانەتر بجولێنەوە[2].**

بە پێی هەندێ سەرچاوە، حەشیمەتی دانیشتوانی سابلاغی ئەو سەردەم، بەینی هەشت تا دە هەزار کەس بووە، کە لەو کوشتارەدا بەینی پێنج تا حەوت هەزار کەس کوژراوە. یانی نزیکەی تەواوی دانیشتوانی شارەکە قەتڵوعام کراون! لانی کەم دەتوانین بڵێین جگە لە سێهەزار کەس، باقی خەڵکەکە کوژراون و ئەو سێهەزار کەسەش بەشێکیان لە شاردا ماونەوە و بەشێکی تر بە دەشت و مەزرا و شاخەکانی دەوروبەردا بڵاو بوونەوە و خۆیان گەیاندووەتە بانە و مەریوان و پێنجوێن و سولەیمانیە.

میرزا وەهابی پەروێزی، باپیرەگەورەی بنەماڵەی (کەریمی)یەکانی مەهاباد، کە خۆی لە شاهیدانی ئەو کوشتارە بووە، ساڵی 1338ی کۆچی، واتە چوار ساڵ دوای کوشتاری سابلاغ، لە دوو لاپەڕەی سپی هەوەڵی کتێبی (سراج الطالبین)دا یادداشتێکی گرینگی لە بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە و دەڵێ: **مێژووی هاتنی ڕووس بۆ کوشتار و تاڵان و سوتمان، 14ی ربیع‌الاول 1334ی کۆچی، و ڕۆیشتنیشیان 28ی ربیع‌الثاني 1334. خوا خۆی تاوانی مسوڵمانانی مەزلووم لەو کافرانە بستێنێتەوە. ئەو قاتی و قڕی و گرانیی‌یەی دوای ڕۆیشتنی ڕووسی مەلعوون و بێئینساف لە سابلاغ پەیدا بوو، لە مانگی ربیع الثاني دا خۆی نواند. ئارد کە پووتی بە پێنج تمەن بوو، ڕۆیی بۆ 6 و 7 تا گەیشتە 10 تمەن. لە زستانی هەمان ساڵدا خۆم شاهید بووم کە پوتی بە 15 تمەن فرۆشرا. نانێك بە هەژدە قڕان هەتا دوو تمەن فرۆشرا. هەر خوا خۆی دەزانێ هەژار و دەستەنگەکان چیان بەسەر هات. هەندێ کەس ڕۆڵەی جگەرگۆشەی خۆیان برژاند و خواردیان. زۆر کەس گۆشتی سەگ و پشیلە و گوێدرێژیان دەخوارد. وەڵڵاهی بە حەقی خودا، بە چاوی خۆم دیتم کە سەگیان کەوڵ کردبوو و دەیانخوارد. لە کۆڵانەکانی شاردا تەرمی خەڵکی هەژار و برسی وەکی خۆڵەمێش ڕژابوو. ڕادەی مردوو ڕۆژانە 105 کەس بوو. نە کفن دەکران و نە قەبریان بۆ هەڵدەکەنرا. بە کۆمەڵ دەخرانە ناو خەندەك. لەسەر یەك هێلکە دەنکی 4 عەبباسی بوو. توانایی لە خەڵك بڕا بوو. هەبوون کە ژن و منداڵەکانیان بە نانێك دەفرۆشت. کەسانی حەیابەخۆ دوای تەواو بوونی ئازوقە و دارایی، دەرگایان لەسەر خۆیان گاڵە دەدا و لە ژورێدا دەمردن. مسوڵمان نەبیسێ و کافر نەبینێ. بە قەڵەم و کاغەز باسی ئەو زیانە نانووسرێ. کار و کاسبی نابوود بوو و خەڵك لە ماڵ دانیشتبوون. خودایە بە فریامان بگە و بەزەییت پێماندا بێتەوە بە حەقی محەممەد و خانەدانی ئەو. مەزندەی هەندێ لە پێداویستییەکان بەم چەشنەیە: ئاردی گەنم پووتێك بە 15 تمەن، ئاردی جۆ پووتێك بە 12 تمەن، ڕۆن سێی (2 کیلۆ) بە 3 تمەن، برینجی سەدری سێی بە 3 تمەن، برینجی گردە سێی بە 12 قڕان، قەند یەك تەورێزی (3 کیلۆ) 14 تمەن، کشمیشی شیرە پووتێك بە 6 تمەن، کووتاڵی چیت زەرعێك بە 4 تا 6 قڕان. کورتم کردەوە و لە هەزار یەکم نووسی.**

**وەهاب کوڕی حاجی محەممەدی پەروێزی**

**شەوی دوو شەممۆ 28ی ربیع‌الاول 1338[3]**

2. ایراني کە من شناختەام، بازیل نیکیتین، ترجمة فرەوشي، کانون معرفت، تهران، 1329

3. ڕێکەوتی 9ی دیسامبری 1920

به پێی یادداشتەکەی میرزا وەهاب، سپای ڕووس لە ڕۆژی سێشەممۆ 9ی ژانویەی 1917 پێیان ناوەتە سابلاغ و لە ڕۆژی چوارشەممۆ 21ی فێبریەی 1917 وەدەر کەوتوون. یانی44 ڕۆژ کوشتاریان کردووە.

یەکی تر لە شاهیدانی کارەسات، میرزا کەریم بارامبەیگی‌یە کە ئەو دەم تەمەنی چاردە ساڵان بووە. میرزا کەریم باسەواد بووە و هەندێ نووسراوی بەکەڵکی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە و لە 1363/11/26 لە تەمەنی 81 ساڵیدا لە مەهاباد کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان نێژراوە. بیرەوەرییەکانی بە دەنگی خۆی لەسەر شریت تۆمار کردووە و لەوێدا بە وردی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە[4]. بە وتەی میرزا کەریم، کاردانەوەکانی دوای کوشتار، گەلێك دڵتەزێن بوون. نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان و گیروگرفت و ئاستەنگەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تا ماوەیەکی دوور و درێژی دوای کوشتار ڕوخساری دزێویان لانەچووە و قوربانیان وەرگرتووە. چەند برگەیەك لە قسەکانی میرزا کەریم بەم جۆرەیە:

**بەرگی سپییان دەبەر کردبوو، شیر بە قەدەوە. لیباسی قازاخیان دەبەردا بوو. یاپونجی لەسەر. چەکمەی لەبار دەبەردا، زۆر عەجایب بوون، پیاو لێیان دەترسا.../ لەسەر باڵەخانەی بڵیندڕا نوێژی شێوان چاوم لێبوو ئەگەر دەرك کراوە و عورووس هاتنە ژووری. ئەو دەرکانەی خوارێیان کردەوە و ئەو پیاوانە هاتنە دەرێ، جا وەرە بە شیران وەریانگەڕێنێ. هەر خودا دەزانێ چیان کرد ئەو عورووسانە. ئیدی ئەبەدا زەڕڕەیەك ڕەحم نەبوو. یەك دەیگرت، بە دوان شیریان لێدەدا.../ کوشتارێکیان کرد دە خاکی سابلاغێدا، وەختایەکی تاو هەڵدەهات و لە بەفری دەدا، خوێن دە کۆلاناندا دەهات و دەچوو.../ زێڕ و جەواهێرات و گەردنبەند و ملوانکە و مرواری ژنان و پووڵی سپییان وەك خەرمان هەڵدابۆوە و گیرفانیان لێ‌پڕ دەکرد.../ دەگەڵ دایکم و جەماعەتێك لە خەڵك، بە سەربانەاندا چووینە گومرگێ. تەقریبەن حەوت شەو و حەوت ڕۆژان بە نیهایەتی ناڕەحەتی دە عەمباری گومرگخانەیدا لەسەر مازوو و کەتیرە و سیچکە و گەڵوان ڕامانبوارد.../ لە پڕڕا جاڕیان ڕاهێشت، کوتیان ئازادە، ئەگەر بێنە دەرێ هیچ کەس خۆ دە کەس ناگەیەنێ. هەموو خەڵك دێنە دەرێ، جا وەرە وەبەر شیرانیان بدەن. کەس دەرنەچوو.../ ژنان بە ڕەزی و خۆڵەمێش ڕووی خۆیان وا لێکردبوو پیاو بێزی لێ هەڵدەستان، نەبادا عورووس بیانبەن. زۆریان بردن. مەخسووسەن منداڵی چکۆڵەیان زۆر برد. کوڕ، یەکجار زۆریان برد. پێنج ساڵە، شەش ساڵە، حەوت ساڵە.../ بووبە بەهار. زۆر بە ناڕەحەتی ڕابردرا. میرزا کاکە ڕەشیان کرد بە داروغە. حوکمیان لێکرد کوتیان ئەو کەلاکانەی دەنێو شاریدان ئەگەر نەیانشارنەوە ئاوریان تێبەر دەدەین. جا هێنایان ئەو کەلاکانەیان ڕاکێشا و پەتیان دە لاقان کردن، بردیان لەو جێیانەی ئەلعان وا بۆتە مەسەلەن پارك و نازانم چی و چی، دەوێدا هەموویان دەنێو زبڵ و زاڵەیان هاویشت و دایان پۆشین بەو زبڵ و زاڵەی.../ ئەوێ ڕۆژێ ئەگەر ئەو هەموو لەشکرەی چەنگیزی هێرشی هێنا سەر بوخارایە، چی کرد؟ ئەمەش ئەوەمان زیاتر بەسەر هات. ئەلحەققی وەلئینساف زیاترمان بەسەر هات، ناڕەحەتتر بوون. نە ساحێبمان هەبوو، نە پادشامان هەبوو، نە ئاغامان هەبوو، هیچ.. هیچ.. هیچ.. هیچ.../ وەختایەکی عەفوو درا، هاتینە دەرێ. نان نەماوە، هیچ نەماوە. کوتیان هەر پێنج ماڵ و شەش ماڵ بچن دە خانوویەکەوە، ببنە یەك ماڵ. ئەمە حەوت هەشت ماڵ بووین چووین دە ماڵە حەبیبی قاوەچی‌یەوە.../**

---

4. بیرەوەرییەکانی میرزا کەریمی بارامبەگی لە کوشتاری ڕووسان لە مەهاباد و ناوچەدا، لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی. سەید محەممەد سەمەدی ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە. بڕوانە: گۆڤاری سروە، ژمارە 187، ڕێبەندانی 1380، ل65.

لای بنەماڵەی ئاغا تەهای سابڵاغ، وێنەیەکی مێژوویی هەیە کە سێ کەس لە گولەکانی ئەو شارە نیشان دەدا و بە فارسی لە پشت وێنەکە نووسراوە: «جزامهاي ساوجبلاغ كه روسها عكس انداخته و بعد بقتل رسانيده‌اند. بنده عين شيشه بدست آورده‌ام. اين است همين يكدانه طبع كردم». واتە: وێنەی گولەکانی سابڵاغ کە ڕووسان کێشاویانە و پاشان کوشتوویانن. من ئەسڵی وێنەکەم وە دەست کەوت. بۆیە هەر ئەم دانەیەم لە ڕوو هەڵگرتەوە.

دوور نییە لای بنەماڵە کۆنەکانی سابڵاغ هەندێکی تر وێنە و یادداشت و بەڵگەنامەی تر لەم بارەوە دەست بکەوێ. جێگای خۆیەتی کە ئەم بەڵگەنامانە کۆ بکرێنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی تەواوتریان لەسەر ئەنجام بدرێ، چونکە ئەو جۆرەی پێویستە تا ئێستا باسی لێنەکراوە و شتێکی ئەوتۆ و شایستەی لەسەر نەنووسراوە. وتاری حازریش هەوڵێکی بەپەلە بوو لەسەر داوای گۆڤاری مەهاباد کە لازم بوو بە دوای وتارەکەی **جان چالنکۆ** دا بڵاو بکرێتەوە.





**ئەم وێنەیە ساڵی1917 لە لایەن ڕووسەکانەوە کێشراوە و دوای کێشانی وێنەکە هەر سێ کەسیان کوشتوون**

«بە سپاس لە کاک قاسم ئیسماعیل زادە»



**دەستخەتی میرزا وەهابی پەروێزان، باپیرەگەورەی بنەماڵەی (کەریمی)یەکانی مەهاباد، لە دوو لاپەڕەی هەوەڵی کتێبی** (سراج الطالبین)**دا، بە تاریخی** 28ي ربيع الثاني 1338ي كۆچى

«بە سپاس لە کاك سمایل کەریمی»